# ڕۆڵی یەکێتییە کارگەرییەکان : ڕوانگەی ئانارکۆسەندیکالیزم

نووسینی : Rudolf Rocker
و. لە فارسییەوە: هەژێن

## بەشی پێنجەم لە پەرتووکی ئانارشیزم و ئانارکۆسەندیکالیزم

ئەندێشەگەلێك بوونە هۆی گەشەی سەندیکالیزمی شۆڕشگێڕانە، یا بەوجۆرەی کە دواتر ناوهێنرا ئانارکۆسەندیکالیزم، لە فەرەنسە و وڵاتانیتر دەستەواژەی «سەندیکای کارگەران» سەرەتا هەر بەمانای ڕێکخراوەی بەرهەمهێنەران بۆ باشترکردنی دەستبەجێی هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتییان بەکاردەبرا. بەڵام سەرهەڵدانی سەندیکالیزمی شۆڕشگێڕانە مانای یەکەمی فراوانتر و قوڵترکردەوە. هەر بەوجۆرەی کە پارت، ڕێکخراوێکی یەکگرتووە بۆ چالاکی سیاسی لە سایەی بڕیارنامەکانی دەوڵەتی دیموکراتی هاوچەرخدا، هەوڵدەدا سیستەمێك کە لە ئارادایە بە شێوەیەك بپارێزێت یا ئاڵوگۆڕی دیاریکراوی تێدا بکات. لە ڕوانگەی یەکێتیگەراکانەوە، یەکێتییە پیشەیی(صنفی)ەکانیش ڕێکخراوەی یەکگرتووکردنی کارگەرانن، کە ئامانج لە پێکهاتنیان پارێزگاریکردنە لە بەرهەمهێنەران لە هەمان کۆمەڵگەدا، ئامادەبوونیان بۆ سۆشیالیزم و سەرلەنوێ سازدانەوەی بە کردەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی بەو ئاراستەیە. بەم پێیە، ئامانجی دوو لایەنەیان هەیە :

١- هێنانەدی داخوازییە دەستبەجێکانی کارگەران بۆ دابینکردن و پێشخستنی ستانداردتەکانی ژیان،
٢- ئاشناکردنی کارگەران بە هونەری بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنان و پرسی ئابووری بە شێوەیەکی گشتی و ئامادەکردنیان بۆ بەدەستەوەگرتنی دەزگە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و پێکهێنانەوەیان لەسەر بنچینەی شێوازە سۆشیالیستییەکان.

ئانارکۆسەندیکالیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن، کە پارتە سیاسییەکان توانای ئەنجامدانی هیچیەك لەم دوو کارەیان نییە. بەپێی ڕوانگەی وان، دەبێت یەکێتییە پیشەییەکان سەرەنێزە(نوکی ڕم)ی بزووتنەوەی کارگەری بن، بە چالاکی ڕۆژانە بەهێزبن و گیانی سۆشیالیستی پەرەپێبدەن؛ لەبەر ئەوەی چالاکی ئەوان وەک بەرهەمهێنەرانێك کە تەواوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییان ڕاگرتووە و مانەوەی کۆمەڵگە مسۆگەر دەکات. کارگەر تەنیا وەك بەرهەمهێنەر و دروستکەری سامانی کۆمەڵایەتی، دەتوانێت هێزی خۆی بناسێت. وی لە هاوپشتی سەندیکاییدا لەگەڵ هاوکارانیدا یەکە گەورەکانی سوپای کارگەری پێکدێنن، گیانی ئازادی مەشخەڵداری دەکا و بە ئامانجی یەکسانی کۆمەڵایەتی دەیگێڕێتەوە نێو ژیان. بە تێڕوانینی ئانارکۆسەندیکالیستەکان، سەندیکای کارگەری بەبەرهەمترین کۆرپەلەی کۆمەڵگەی داهاتوو و بەشێوەیەکی گشتی، فێرگەی سۆشیالیزمە. هەر پێکهاتەیەکی نوێی کۆمەڵایەتی، سەرەتا پەلوپۆی خۆی لە دەزگە (ئۆرگانیزم)ی پێشیندا دروستدەکات؛ بەبێ ئامادەکردنی زەمینە، وێناکردنی هیچ ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی لەتوانادا نییە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە. پەروەردەی سۆشیالیستی، نەک بەمانای بەشداریکردن لە دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتی نەتەوەکاندا، بەڵکو هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی خۆیی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و پرسە هونەرییەکانی کار بۆ کارگەران، پەروەردەکردنی توانایی بەڕێوەبەرایەتییان، بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئامادەیی بۆ خۆگرتن لە شوێنی ڕاستەقینەیان وەك ڕێکخەرانی نوێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و دواجار، هێنانەدی باوەڕبەخۆبوون لەواندا بۆ ئەم کارە. بۆ ئەم شتە، هیچ پەیکەرەیەکی کۆمەڵایەتی کاراتر لە

ڕێکخستنی خەباتی ئابووری کارگەری، نییە؛ ئەم ڕێکخستە ئاراستەیەکی دیاریکراو بە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دەدات، بەرهەڵستی خۆی لەسەر بنەمای خەبات بۆ داخوازییە دەستبەجێ و پێویستەکانی ژیان و بەرگری لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ ڕێکدەخات. بەڵام لەم نێوەدا، چەمکی مۆراڵی پێویست بۆ هەرجۆرە ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتیش پێکدەهێنێت: وابەستەیی چارەنووس بەگشتەوە و بەرپرسێتی مۆراڵی لە هەموو کارەکاندا.

ئانارکۆسەندیکالیستەکان، لەبەر ئاراستەگەری کاری ڕاهێنەرانەیان بەرەو بەدیهێنانی ئەندێشە و کاری سەربەخۆ، نەیاری سەرسەختی ئاراستە ناوەندگەرا(مرکزگرا)کانن، کە لە زۆربەی پارتە کارگەرییەکانی ئەوڕۆکەدا دەبینرێن. ناوەندگەرایی، بەرنامەڕێژی دەستکردانە کە لەسەرەوەڕا بۆ خوارەوە جێبەجێدەکرێت و پرسەکانی بڕیاردان بە کەمایەتیەکی کەم دەسپێرن، باوەڕی تاکەکان لەنێو دەبات و داهێنانی کەسییان بە پرنسیپ (انضباط) و بۆرۆکراسی بێچەندوچوون دەکوژێت؛ هەردەم ئەنجامەکەی پێکهاتەی فەرمی و نەزۆك دەبێت. بۆ دەوڵەت، ناوەندگەرایی شێوە ڕێکخستنێکی گونجاوە. لەبەر ئەوەی بۆ پاراستینی هاوسەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی، خوازیاری فرەترین ڕادەی یەکجۆری ژیانی کۆمەڵایەتییە. بەڵام لە بزووتنەوەی کارگەری و کۆمەڵایەتی‌دا، کە بناخەی بوونی وابەستەی کاری دەستبەجێ لە کاتی گونجاو و ئەندێشەی سەربەخۆی لایەنگرانییەتی، ناوەندگەرایی بەڵایەکە، کە دەسەڵات بڕیاردانی لاوازدەکات و بە شێوەیەکی سیستەمی هەر وروژان (بزاوت)ێکی سەربەخۆ تێیدا سەرکوت دەکات.

ڕێکخستنی ئانارکۆسەندیکالیستی بەپێی بنچینەی فیدرالیزم، لەسەر بناخەی یەکێتی ئازادانە، لە خوارەوەڕا بۆ سەرەوە ئەنجام دەدرێت، مافی بڕیاردانی هەر یەکێتییەك لەمەڕ هەر شتێك خۆی بەبانتر لە هەر شتێکی‌تر دادەنێت و تەنیا پێکهاتەیەک کە بە فەرمی دەیناسێت، پەیوەندییەکە لەسەر بناخەی خواستە هاوبەشەکان و پێکهاتنی هەردوولا. بەپێی ئەمە، ئەم ڕێکخستە بەم جۆرە سەرهەڵدەدا: کارگەرانی هەر بەشێك لە یەکێتییە پیشەییەکانی پەیوەست بە خۆیاندا کۆ دەبنەوە. یەکێتییەکانی هەر شارێك یا ناوچەیەکی دێهاتی لە نووسینگە کارگەرییەکاندا کە ناوەندی ڕاگەیاندن و پەروەردەی مەحەلی بەڕێوەدەبەن، کۆدەبنەوە، کارگەران وەک بەرهەمهێنەر پێکەوە پەیوەندی دەگرن تاوەکو بەر بە پەرەسەندنی هەرجۆرە دەستەگەرییەکی کورتەبیرانە بگیرێت. گشت یانە کارگەرییەکان بە لەبەرچاوگرتنی ناوچەیان دەستەبەندی دەکرێن و (فیدراسیۆنی گەلی) یانەکارگەرییەکان پێکدێنن، کە پەیوەندی پتەوی نێوان ڕێکخستنە ناوچەییە جۆراوجۆرەکان دەپارێزێت، هێزی بەرهەمهێنەرانەی ئەندامانی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان، بە شێوەیەکی ئازادانە و لەخۆوەڕا (داوطلبانە)، ڕێکدەخرێن، هەر بڕیاردانێکی پێویست بۆ پرسی پەروەردە و پارێزگاری لە گروپە مەحەلییەکان لەڕێگەی ڕاوێژی گشتی و پێشنیارەوە جێبەجێ دەکرێت.

سەرەرای ئەوەی، هەر یەکێتییەکی پێشەیی، بە شێوەیەکی فیدراسیۆنانە لەگەڵ گشت ڕێکخراوەکانی ئەو پیشە تایبەتە و کومەڵێك لێیان بە نۆرەی خۆی لەگەڵ گشت پێشە پەیوەندیدارەکان، یەکدەگرن و بەمجۆرە یەکێتییە پێشەسازی و کشتوکاڵییە گشتییەکانیش پێکدێن. دابینکردنی پێداویستییەکانی خەباتی ڕۆژانەی نێوان کارگەر و سەرمایەدار، کۆکردنەوەی گشت هێزەکانی بزووتنەوەکە بۆ کارێکی تایبەت، کاتێك کە پێویستی بێتە پێشەوە، کاری ئەم یەکێتییانەیە. بەپێی ئەمە فیدراسیۆنی یانەکارگەرییەکان و فیدراسیۆنی یەکێتییە پیشەییەکان، دوو جەمسەری چالاکی سەندیکای کارگەرانن.

وەها ڕێکخراوەیەك نەک تەنیا هەلی هەرجۆرە خەباتێك بۆ باشترکردنی ڕێڕەوی ڕۆژانە بۆ کارگەران دەرەخسێنیت، بەڵکو هەروەها پێشەکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیشیان، بەدەستی خۆیان و بەبێ خۆتێهەڵقورتاندنی دەرەکی، فێردەکات. ئانارکۆسەندیکالیستەکان گەیشتوونەتە ئەو

بڕوایەی کە ئابووری سۆشیالیستی ناتوانێت بە سەروەری و فەرمانی حکومەت بیتەدی، بەڵکو تەنیا بە هاوکاری لەخۆوەڕا (داوطلبانە)ی کارگەران، شارەزایان و وەرزێڕان و بەڕێوەبەرایەتی خودی خۆیان بەسەر کاروباری بەرهەمهێنان و دابەشکردندایە، دەستەبەری دەکات. لە وەها بارودۆخێکدا، یانەکارگەرییەکان بەڕیوەبەرایەتی سەرمایەیەك کە هەیە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بەدەستەوە دەگرن، پێداویستییەکانی دانیشتوانی هەر ناوچەیەك دەستنیشان ددکەن و خەرجی مەحەلییان دەدەن. دیاریکردنی پێداویستییە گشتییەکانی وڵات و ڕێکخستنی کاری بەرهەمهێنان بە سەرنجدان لێی، لە ڕێگەی بەرپرسانی فیدراسیۆنی یانەکارگەرییەکانەوە لە تواناد دەبێت. لەلایەکیترەوە، کاری یەکێتییە پیشەسازی و کشتوکاڵییەکان، بەڕێوەبەرایەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، بارکردن و گواستنەوە و دابینکردنی پێداویستییەکانی گروپە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان دەبێت. بەکورتی :

١- ڕێکخستنی گشت بەرهەمهێنانی وڵات لەلایەن فیدراسیۆنی یەکێتییە پیشەسازییەکان و ئاراستەدانی کار لەلایەن سۆڤیەتە کارگەرییەکانی هەڵبژێردراوی خودی کارگەران.

٢- ڕێکخستنی هاوکاری کۆمەڵایەتی لەلایەن فیدراسیۆنی یانەکارگەرییەکانەوە.

سەرەرای ئەمە، لەم بوارەدا ئەزموونەکان باشترین ڕێنوێنیان خستۆتە ڕوو. ئەزموونەکان نیشانیانداوە، کە زۆرێك لە گرفتەکانی سەرلەنوێ چێکردنەوەی (بازسازی) سۆشیالیستی کۆمەڵگە، ناتوانرێت بەدەستی هیچ حکومەتێك چارەسەر بکرێت، تەنانەت ئەگەر ئەم حکومەتە دیکتاتۆری ئەفسوناوی پرۆلیتاریاش بێت. لە ڕوسیە، دیکتاتۆری بۆلشەڤیکەکان بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ، لەبەرامبەر گرفتە ئابوورییەکاندا دۆشدامابوو و لە هەوڵی ئەوەدا بوو لاوازییەکانی خۆی لە پشت شەپۆلێك لە فەرمان و بڕیاردا کە بەزۆری لە فەرمانگەی جۆراوجۆرەوە سەریان دەردێنا، بشارێتەوە. ئەگەر بە فەرمان دەرکردن دونیا ئازاد ببووایە، پێشوەختی ئەمە گشت گرفتەکانی ڕوسیە چارەسەر دەبوون. بۆلشەڤیزم، بەدەسەڵاتخوازی شەیدایانە(حریصانە)ی، بە توندوتیژی بەنرخترین بنچینەکانی سیستەمی سۆشیالیستی، بە تابووکردنی کۆبوونەوە ئازادەکان، دەوڵەتیکردنی یەکێتییە پێشەییەکان و بێبەشکردنی سۆڤیەتەکان لە خۆموختاری (خۆبڕیاردان) لەنێوبرد و ڕێگەی نەك بۆ سۆشیالیزم ، بەڵکو بۆ دواکەوتوو(بدوی)ترین شێوەی سەرمایەداری دەوڵەتی و دیوانسالاری خۆشکرد، کە بووە هۆی گەڕانەوە بۆ فەرمانڕەوای بێچەندوچوون، کە ساڵانێك بەر لەوە لە زۆربەی وڵاتاندا بە شۆڕشی بۆرژوازی لەنێو برابوو. کرۆپۆتکین، لە پەیامێکدا بۆ کارگەرانی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوایی، ڕاستی وتبوو: «ڕوسیە بۆی خستینەڕوو، کە چۆن ناتوارێت سۆشیالیزم جێگیر بکرێت. هەڵبەتە خەڵکی، لەبەر نەفرەتیان لە ڕژیمی پێشین، هیچ بەرهەڵستییەکی چالاکانە لە بەرامبەر کردەوەکانی حکومەتی نوێدا نیشان نادەن. بیرۆکەی پێکهێنانی سۆڤیەتە کارگەرییەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی و ئابووری وڵات، بۆ خۆی، فرە گرنگ و پێویستە... بەڵام کاتێك کە وڵاتێك لەلایەن دیکتاتۆری پاتەوە بەڕێوە ببرێت، سۆڤیەتە کارگەری و وەرزێڕییەکان، خۆبەخۆ گرنگی خۆیان لەدەست دەدەن و تووشی هەمان شەرمەزاری دەبن، کە نوێنەرانی هەرێمەکان لە سەردەمی پاشایەتی بێچەندوچووندا بەسەریان هات».

سەرچاوەی لێوەرگیراو : http://khushe.ir/maghale/rocker5.shtml